# سەمفۆنیای ئێوارانی شار

## دەوەن

( ئەم دێڕانە پێشکەش بێت بە ژنە نوسەر .. ڕوئیا تلووعی )

ئەی هاوڕێ پیاسەی ئێوارانی
ئەم هاوارە تازەیەت
پیرۆز
قسەو باسی تازە و سروشتێکی سەراپا
تەماویت پیرۆز
ئێرە هەوارێکی چۆڵ و هۆڵە
لە دەنگی ئازیزان
بێ بۆنە لە مێخەک و لە ڕێحانەی سنگ
بەرۆکی دایکان
ئێرە بێ دەنگە وەکو ڕۆحی ئێستای ( فەتانە )
هۆدەیەکی
سارد و سڕە وەکو قەلەندەرخانەکەی ( پیرەمێرد )
ژیان لێرە وەکو چۆلەکەکەی ( کافکا ) وایە
مرۆڤەکان خۆیان بە دووی قەفەزدا
دەگەڕێن تاکو تامی تانیای بچێژن
لەویش لە وولاتی (ئاخوندە ) کانا
ژیان تامی تاریکستانی گرتووە
سروشت خنکاوە بە بۆنی خوێن
ژیان مۆمێکی کزەڵەیە
بەدەفی ( دەروێش بازێک * ) دەکوژێتەوە
جاران ژیانمان زنجیر ڕێژ بوو
بە دەستی ( ساواکبازەکان )
ئێستاش نەک هەر دەست و پێمان
نیشتیمانیش عەمامە ڕێژ کراوە
بە قودرەتی ( ئایەتوڵا بازەکان )
لە ( باشور ) یش خاک بۆنی ( عەتربازی ) لێدێ
ئیدی هاوڕێ پێم نالێیت بەرۆکی
کام پانا بگرین بۆ هەتوانی برینەکانمان
هانا بۆ باڵی کام فریشتە بەرین
دووکەڵی ناو لەپی ژنانی سوتاومان
سارێژکاتەوە
ئێمە چونکە تەنییان هەست
بە چرینی تەنیاییمان ناکەین
نازانین حەقایەتەکانی مناڵی

بۆ دارستان و خوا بگێڕینەوە
هێندەش بێ فەزیلەتین نیشتمانێ
لە خەیاڵستان بۆ جوانیەکانی ژن و
ڕووتبونەوەی جەستەیان بە کرێ دەگرین
چاوانیانیشیان لە سەر ڕووی شوشەی ماشێنەکان
دەنەخشێنین
هاڕێیەکم هەیە لە ئەزەلەوە باڵای بە ( شیلان )* چنراوە
دەستەکانی مۆمێکن بۆ شەوە تاریکەکانی
غەریبستان
چاوەکانی دوو وانەی خێر و جوانین بۆ
جەحێلە سەرە ڕۆکان
ئەوەتەی مێژوو هەیە ژن تەفسیرە بۆ حیکایەتەکانی
موحیبەت بۆ تەلاری ئاوێتەبوون
ئەوەتەی زمان هەیە، دەنگ هەیە ، پیاو مەقامبێژە
بۆ جەنگە دۆڕاوەکان
ژیان بۆ ژن ( چرا ) یەکە ناکوژێتەوە
( نەجات *) یکە و لە دوورەوە هەستەکانی
دەمانباتەوە نێو یادگاریەکانی فەنا بوونی
چیرۆکە سەماویەکان
ئێمەین ناحاڵی لە ڕۆمانەکانی ژن
ئێمەین زاکیرەمان ( مین ) ڕێژ کراوە
بە شورەی
ئێمەین نیگامان نوقمی خوێنە بۆ
چاو داگرتنی فەلاقەی ژن
ئێمەین ( شانۆ ) مان تەلبەند کراوە
بۆ هەنگاوەکانی ژن
ئێمەین وەتاقەکانمان سنور ڕیژە بۆ
ماچی ژن
ئێمەین شیعرمان گوڵ بە دەمە
بۆ کوشتنی ژن
ئێمەین ئێوارانمان بێمانایە
لە سەمفۆنیای شەراب نۆشین
لە میلۆدی ( لیزا )
هەر ئێمەین ڕاوچی و حەرامخۆری
باڵە خرپنەکانی ژن
ئێوەش ئەی فریشتەکانی هانا و
ئاوازەکانی ئاشتی هەر ئێوەن دیرۆک و
سەمای ڕەنگە پەمەیی و وەنەوشەییەکانی
خەم و ژین

بەڵێ هەر ئێوەن ئاهورامازدای
جوانی ژین
هەر ئێوەن وەسێت هەڵگری حیکایەتەکانی
مەم و زین

دەروێش باز .. مەبەستم ئەو پیاوانەیە کە مەرای بۆ دەسەڵات دەکەن.
شیلان .. هاوڕێیەکی ئازیزمە.
نەجات.. ئەو خانمە بوو لە ئێوارەیکی نارنجیدا ڕۆحی بە شیعر بەخشی.